# دەربڕینە دروستکراوەکان و هەڵوەستەیەک

هێمن عومەر خۆشناو
(زانکۆی سەلاحەددین- کۆلێژی پەروەردەی شەقلاوە)

ئـەم دەربڕینانـەی خـوارەوە، لـە بیسـت سـاڵی ڕابوردوودا لـە نێـو ڕاگەیاندنی کوردیدا دەربڕینگەلی تازەبـاو و بەهەڕمێـن بـوون و تـا ئێسـتاش سـەری زمـان و بنـی زمانـی ڕاگەیاندنیان تەنیـوە. وردبوونەوە لێیـان؛ بـەرەو دەربڕینـی دیکەمـان دەبـەن، کـە ڕەوانتـرن و لـە ئاخاوتنـی کوردانـدا جێیـان دیـار و بەرچـاو بـووە. باسـکردن و قسـە لەسـەرکردنیان هەنگاوێکـە بـۆ دروسـت گوتنمـان.

## نوێژخوێن

لـە زمانـی کوردیـدا نوێـژ دەکـرێ و ناخوێنرێـت، دەگوتـرێ فـلان نوێـژ دەکا، ناگوتـرێ فیسـار نوێـژ ناخوێنـێ. بـۆ کەسـێکیش نوێژنـەکات، کـورد ناڵـێ نوێژنەخوێـن، بەڵکـوو دەڵـێ نوێژنەکـەر. لـە عارەبیشـدا ئەداکردنـی نوێـژ، (اقـام الصـلاة)ی بـۆ بەکاردێت و چ حەوجێ بە خوێندن ناکات. عاجباتییە هەندێک ڕاگەیانـدن لـە ترسـی پاشـگری (کـەر) کـە لـە (کردن)ـەوە هاتـووە و هیـچ پێوەندییەکـی بـە گوێدرێـژەوە نییـە، نوێژکـەر دەکەنـە نوێژخوێـن! پـێ دەچـێ نوێـژی دیانـەکان، چونکـە جووڵـەی ڕکـووع و سـجوودی تێدا نییـە و زیاتر خوێندنەوەی سـرووتەکانە، بۆیـە ئـەوان لـە عارەبییەکـەش زیاتـر نوێژخوێنـدن بەکاردێنـن، نـەک نوێژکردن.

## ڕۆژووەوان

لـەم دە پـازدە سـاڵەی بـوری، زۆرجـار ئـەم وشـەیە لـە جێـی وشـەی (ڕۆژووگـر) بەکارهێنـراوە. گوایـە وەک قاڵبـی (کارەوان، گۆلکـەوان، بەرازەوان، دارەوان، باغـەوان، شـاخەوان، ... تـاد) دروسـت بـووە. ڕاسـتییەکەی سـەرچیغ چوونـە و تـا بـن پیـلان کەوتوونەتـە هەڵـەوە، چونکـە:

١. پیرەمێرد و پیرەژنێکی نەخوێندەواری کورد وا ناڵـێ، کەواتـە وشـەیەکی دروسـت کـراوە.

٢. قاڵبەکـە جودایـە، لەبـەر ئـەوەی لـە نموونـەی کارەوان و شـاخەوان و ئەوانی دیکـەدا، کەسـەکە بـە شـتێک بەندیوارکـراوە و شـتەکە وەک بـەرکار کاری تـێ دەکـرێ. کارەوان ئاگاداری کاریلانـە و شـاخەوان بـە شـاخیدا هەڵدەگـەڕێ، بـەڵام ڕۆژووەوان پێوەنـدی بـە خودی کەسـەکەوە هەیـە و کارێکی بەرجەسـتەیی نییـەو پتـر مەعنەوییـە.

٣. ڕۆژووگر بۆیە ڕاستترە، تۆ دەتوانی بۆ چەند قاڵب و بەشی ئاخاوتن ڕۆی بنێی، وەک: ڕۆژووان دەگرم، ڕۆژوونەگرە، چەند ڕۆژت گرتوونە؟، بەڵام ناتوانی بێژی کەسەکە ڕۆژووەوان نییە، یان قاڵبەکانی تری بۆ دروست بکەی.

٤. مادەم چاوگەکە ڕۆژووگرتنە، ئەوە بێ زۆرلێکردن (ڕۆژوو) لەگەڵ ڕەگی چاوگی «گرتن» کە ڕەگەکەی «گر»ـە، دەبێتە ڕۆژووگر، هەروەک چۆن نوێژکردن دەبێتە نوێژکەر، دەستگرتن دەبێتە دەستگر، هەڵگرتن دەبێتە هەڵگر، ڕاگرتن دەبێتە ڕاگر. ئیدی پێی ناوێ هیچ شێر و ڕێوییەکی بۆ بهێنرێتەوە.

## زۆرێک

ئەمەش یەکێکی ترە لەو هەڵانەی کە کوتوپڕ لەم چەند ساڵەی ڕابوردوودا، لەناو زمانی کوردیدا هەڵتۆقی، ئەوجا عاجباتییەکەش ئەوەیە، هەر ئەوەندە کەسێک لەسەر ڕووی تەلەڤزیۆن و ڕووپەری نووسینیدا سەرچیغ بچێ، ئیدی لێشاوی لاساییکردنەوەی کوێرانە بەرۆکی ئەو میللەتە دەگرێ و هەر زوو وەک بنێشت دەیجوونەوە..

وشەی (زۆرێک) کە ڕاستەکەی (زۆر)ـە و بە هیچ بیانوویەک ناکرێ پاشگری (ێک)ی پێوە بلکێنرێ، چونکە (زۆر) برەکەی نادیارە و ناکرێ تاک و جووت و کۆ بکرێ. بەو پێیەی پاشگری (ێک) بۆ تاکانە نیشاندان بەکاردێت. بۆ نموونە وشەی (جار)، تۆ دەتوانی لە جیاتی (یەک جار)، بڵێی (جارێک)، بەڵام هەرگیز ناتوانی ئەمە بۆ وشەی (زۆر) بەکاربهێنی، لەبەر ئەوەی تۆ دەتوانی بڵێی جارێک و دوو جار و سێ جار و سەد جار، بەڵام کورد قەت ناڵێ زۆرێک و دوو زۆر و سەد زۆر.

## ئاڕاسته دەكات

ڕەنگە قەڵبترین دەربڕین لەم چەند ساڵەی ڕابوردوودا، ڕاگەیاندنەکانی کوردی بەکاریان هێنابێ، دەربڕینی (ئاڕاستە دەکات)ـە، بەتایبەتی لە ڕستەکانی:

داعش مووشەکێک ئاڕاستەی مەخموور دەکات.

سەرکردەکان نامەی پیرۆزبایی جەژنیان ئاڕاستەی یەکتر نەکرد.

فڵان کەس لە کۆڕەکەدا وتارێکی ئاڕاستەی ئامادەبووان کرد.

هەروەها چەندان ڕستەی تریش ڕۆژانە سەروداڵمان پێ دەگیرێ. کورتی و کرمانجیش پێویست ناکات لێی قووڵ بینەوە، ئەوەیە بیست ساڵ لەمەوبەر ئەوەی کوردە وەها نەدواوە و وەهای نەنووسیوە، کەچی لەپڕ چەند کوردی نەزانێکی ناو ڕاگەیاندن بوونە کوێخای زمان و زمانیان بەو دەردە برد کە دەیبینین.

لەباتی ئەو ڕستانەی سەرەوە، نەچوون لە ئەکادیمییەک بپرسن، چونکە پیرەمێردێکی نەخوێندەوار دەڵێ:

داعش مووشەکێکی گرتە مەخموور.

سەرکردەکان نامەی جەژنانەیان بۆ یەکدی نەنارد.

فڵان کەس لە کۆڕەکەدا وتارێکی دا... وتارێکی خوێندەوە.

## ژیانکردن

هەتا ساڵ بڕوا، پیاو شتی عاجباتیتر دەبینێ، بەتایبەت لەناو زمانی بێ خاوەن و مشوورخۆری ئێمەدا. کابرا بە هەموو ژیریی خۆی لەسەر تەلەڤزیۆن لەو خەڵکە ڕەش و ڕووتە دەپرسێ: ئەمساڵ چۆن ژیانت کرد؟ ژیان کردن لەم وڵاتە تامی نەماوە.

ئاخر ئەم وشەیە لە چ فەرهەنگێکی کوردیدا هەبوو؟ کام پیرەمێرد و پیرەژنی کورد وایان گوتووە، چما ژیان هێلکەیە بکرێ؟ یان کوارگ کردن و کەنگرکردن و دارکردن و ئیش کردنە؟!

چۆن دەژی؟ چۆن ژیای؟ ئەمانە هەن و پێویست بەوە ناکا بگوترێ؛ چۆن ژیان دەکەی؟ و چۆنت ژیان کرد؟

## لە ئێستادا

هیوام وایە سەرچیغ نەچووبم، لەوەی کە ئەم دەربڕینەی سەرەوە، کاتێ لەناو هەندێک ڕستەدا بەکاردەهێنرێ، نە کورد وای گوتووە و نە تەمەنیشی لە بیست ساڵ کۆنترە، کەواتە هەر لەگەڵ لێشاوی ئەو دەربڕینە دەستکردانە هاتووە؛ کە بیست ساڵە دروست کراون و لە دیوەخانی ڕاگەیاندنیشدا وەک بنێشتە خۆشە دەیجوونەوە.

کورد ناڵێ لە ئێستادا، بەڵکوو دەڵێ (ئێستا، ئێستێ، هەوکە، هەنکە، هەنووکە، ئەلعان، نها، ئانها...) تەنیا لە هەندێک ڕستەی وەک:

چ لە ئێستا زووتر نییە ماڵت لێ جوێ دەکەم.

هەروەها ناڵێ؛ لە پاردا، لە پێراردا، لە دوێنێدا، بەڵکوو دەڵێ پار، پێرار، دوێنێ.

با تەماشای ئەم ڕستانە بکەین:

لە ئێستادا کوردستان نائارامە/ ئێستا کوردستان نائارامە.

لە پاردا بەفر زۆربوو./ پار بەفر زۆربوو.

دەبینین ڕستەکانی دووەم زۆر ڕێکترن و ڕەنگە تێ نەکەوتبم ئەگەر بڵێم هەموو نووسراوی کوردیی پێش سی چل ساڵ بڕوانی، (لەئێستادا)یەکی تێدا نادۆزیتەوە.

هەر کە بەینێکی تەماشای تەلەڤزیۆن بکەی، هەر دەبێ پەیامنێرەکە بڵێ (لە ئێستادا)، خۆ ئەگەر بشڵێ (ئێستا) دەربڕینەکە جوانترە و چ حەوجێ بەو (لە..دا)یەش ناکا و ناشزانم بۆ ئەم زیادەیە وا زوو هاتە سەر هەنیەی ئەو ڕاگەیاندنە بێ مشوورەی کوردی؟!

## شۆک

لە ماڵپەڕێک نووسرابوو: ئەم هەواڵە شۆکت دەکات.

ڕۆژنامەیەک نووسیبووی :بیخوێنەوە شۆک دەبی!

تەلەڤزیۆن قسەی سەری زمان و بنی زمانی ئەوەیە: تووشی شۆک دەبی.

وەرە بۆ پیرەمێرد و پیرەژنێکی کوردی بخوێنەوە و لێت تێ بگات!

ئەم دەربڕینەش ئەو کوردی نەزانانە بڵاویان کردەوە، کە هێندە بە زمانی تر سەرسام بوون، ئەگەرنا تۆ وشەی جوانی وەک تاسان، دڵ داخورپانت هەبێ، کەی ڕەوایە وشەی (shock)ی ئینگلیزی بهێنیتەوە و بەحاڵ لێت تێ بگەن.

چەند جوان و کوردییەکی ڕەوانە بڵێی:

ئەم هەواڵە دەتتاسێنێ!

کە بیستم تاسام!

دەبێ دەردێکی پێ بکەم بیتاسێنم!

## لە پێوەندی لەگەڵ..

ئەم دەربڕینەی سەرەوە، ناو بە ناو لەناو نووسینی کوردیدا دەبینرێ، بەتایبەتی هەندێک نووسەری بەڕێزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەژێر کاریگەری زمانی فارسیدا وەک وەرگێڕانێکی وشەیی دەیخەنە ناو نووسینەکانیان.

دەربڕینەکە کوتومت لە وەرگێڕانێکی وشەیی دەربڕینی (در ارتباط با...)ی فارسی وەرگیراوە. کێشەکە لەوەیە کورد وا قسە ناکات، ئەوەی بەم تەرزەش بدوێ، ئەوە کاریگەریی نووسینی بەسەرەوەیە. تۆ تەماشای ئەم ڕستانە بکە و بزانە کامەیان کوردییەکی ڕەوان و سروشتییە و کامەشیان دەستکرد و وەرگیراوە:

لە پێوەندی لەگەڵ شیعری کوردی و ڕەمزدا...

لە پێوەندی لەگەڵ زانکۆو خەڵکدا ...

لە پێوەندی لەگەڵ شەڕی ئێران و عێراقەوە...

دەیان ڕستەی تریش...

ڕستەی ڕاست و کوردیی پوخت، زۆرلەخۆکردنی ناوێ؛ چەند جوانترە بڵێی:
لەبارەی نێوانی شیعر و ڕەمزدا...
سەبارەت بە سەین و بەینی زانکۆ و خەڵک..
ئەوەی پێوەندی بە شەڕی ئێران و عێراقەوە هەیە...
دەردەکەوێ کە ڕستەکانی سەرەوە هێندەی ڕستەکانی کۆتایی بەهێز نین و هەر لە دوورەوە هاواردەکەن کە لەبەر شەت و خواری وەرگێڕانەکەدا بوونەتە دەربڕینی قەڵپ و بێ تام!

## پێوەندییەکی تەلەفۆنی ئەنجامدا!

ڕۆژ نییە لە تەلەڤزیۆن نەبینین و لە ڕۆژنامان نەخوێنینەوە و لە ڕادیۆنان نەبیستین: فلان پێوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەڵ فیسار کەس ئەنجامدا!
تەماشا کورد زۆر بە جوانی لە ڕستەی بەکارهێناوە و گوتوویەتی:
فلان کەس تەلەفۆنی بۆ فیسار کەس کرد...
فلان بە تەلەفۆن هەواڵی فیساری پرسی..
ڕستەکان چەند کوردانە و جوانن و هیچ (پێوەندی و ئەنجامدان)یان تێدا نییە و زمانەکەیان قەڵب و ساردو سڕ نەکردووە!

## ژمارەیەک

بڕوا ناکەم ڕۆژێک گوێ بدەیە هەواڵەکانی کوردی و وشەی (ژمارەیەک)ت بە بنا گوێ نەکەوێ. لە ڕستەی وەک:
لە تەقینەوەیەکدا ژمارەیەک هاووڵاتی برینداربوون.
فلان پێشوازی لە ژمارەیەک مامۆستا کرد.
ژمارەیەک لە کتێبیان فرۆشت.
ئەمانە و بارە ڕستەیەکی دیکە هەن، هەمووشیان وەرگێڕانێکی وشەییانەی وشەی (عدد)ی عەرەبین. ئاخر چی بکەین کورد وای نەگوتووە و هەر وا هەڵیداوەتێ:
لە تەقینەوەیەکدا چەند کەسێک برینداربوون.
فلان پێشوازی لە چەند مامۆستایەک کرد.
چەند کتێبیان فرۆشتن!
ئەم ڕستانە هیچ پێویستیان بە دەربڕینی (ژمارەیەک) نەبووە و نابێ.

## چاوت ماچ دەکەم!

دەشێ ئەم دەربڕینەی سەرەوە لە ڕوانگەی زمانەوانیی دەروونی و کۆمەڵایەتییشەوە دانووی بکوڵێت. کورتی و کرمانجی، وێدەچێ ئەم نەوەیەی ئێستا قاڵ بووی ناو ژینگەیەکی پڕ ئاریشە و گرفت بێ، بۆیە بە گەورەیی هەراش دەبێ و ناچارە بە بیر و هۆش خۆی هەڵقورتێنێتە ناو هەموو شتێک، لەوەشدا مەقامەکان دەگۆڕدرێن و دمڕووت دەبێتە ڕدێن سپی و کوڕیژگەش دەبێتە سمێڵ بابڕ! ئاخر نەبووە و نابێ تۆ بە باوکی خۆت، بە مامۆستای خۆت، بە براگەورەی خۆت، بە کەسی لەخۆگەورەتر بێژی چاوت ماچ دەکەم! پیاو خوانەخواستە نابینا بێ، کە گوێی لەو دەربڕینە دەبێ، ناچار دەبێ جێی خۆی بۆ چۆڵ بکا و بابای قسەکەریش بێتە سەرینگانێ.
چاوت ماچ دەکەم دەربڕینی باوکە بۆ کوڕ، ڕدێن سپییە بۆ سەرکۆت. پێچەوانەی دەستت ماچ دەکەمە، بۆیە ئەگەر دەست ماچکردنیش نەگوترێ، ئەوە لەناو یاسا و ڕێسای زمانی کوردیدا لە بچووکەوە بۆ گەورە، نەبووە و نابێ چاو ماچ بکرێ!

## تەمەن درێژ بیت!

ئەگەر واتای ئەم دەربڕینە لە زمانەکانی غەیری کوردی، بۆ هەموو تەمەن و کەسێک ئاسایی بێت، ئەوە زمانی کوردی چەند تایبەتمەندییەکی هەیە، بەتایبەتی لەناو زمانەوانیی کۆمەڵایەتیدا بە وردی حسێبی بۆ دەکرێت. هەروەک چۆن

لە زمانی عەرەبیدا شێوازی داواکردن لە کەسانی بچووکەوە بۆ بەرز و بە پێچەوانەشەوە دەگۆڕێت، بە هەمان شێوە لەناو کورددا تەمەن درێژبیت (عومر درێژبیت) لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان، بەتایبەتی هەولێر و دەوروبەری ئەو تایبەتمەندییەی هەیە، کە نابێت قسەکەر بۆ کەسی لەخۆگەورەتر بیڵێت، بەڵکوو هەمیشە لە گەورەوە بۆ بچووک بووە، تەنانەت شێوەی توانجیشی وەرگرتووە و وەک ئەوەی زیاتر بۆ منداڵان بگوترێت. هەندێک جاریش بە تیزەوە ئەو دەربڕینە بۆ کەسێک دەگوترێت کە ئەگەر هاوتەمەنیش بێت، بەڵام لای بابای قسەکەرەوە بە بچووک و کەم عەقڵ دەخەملێنرێت.

لەناو کورددا نەبووە و نەبیستراوە کەسێک بە باب و مام و خاڵ و مامۆستا و کەسانی لەخۆی گەورەتر بڵێ تەمەنت درێژبێت، بەڵام ئاساییە بە هەمان ماناوە، بەڵام بە شێوەی جیاواز بە باوک، یان مامۆستا، یان خۆشەویستێکی لەخۆی گەورەتر بڵێت: خوا تۆمان بۆ بهێڵێت.

## ڕووحی شاد/ ڕەوانی شاد

ئەم دەربڕینە وەک زۆر لەو دەربڕینانەی کە چەند ساڵێکە خزێنراوەتە ناو زمانی کوردی و بەشە سۆرانییەکەی بە تایبەتی، کە پێدەچێت زیاتر لەبن کاریگەریی (روحش شاد)ی فارسییەوە هاتبێت.

وا دابنێ کەسمان حەشتەبای لە زانستی زمان نازانین، بەڵام وەرە لەو بەشە سۆرانییەی زمانی کوردی لە پیر و کاڵان بپرسە، بنەتۆی زمانێ وەدەرخە، کای کۆنی پێشینان بە با کە، دەبینیت کە کەسێک ئۆغر دەکات و بۆ یەکجاری ماڵ تێک دەنێت، نەبیستراوە و نەدیتراوە هەر کەس لەولای ڕا بێت و بڵێت: ڕووحی شاد! یان ڕەوانی شاد!

حەیفێ گەلەک جاران ئەو دەردەی ئایدیۆلۆجیا بە زمانی دەکات با بە دەواری شڕی ناکات، ئەگەر نا چ عەجەبە باوەڕی من بە ژینی ئەودیو نەبێت و بەو پاساوە بەرگە ئایینییەکان کە بوونەتە ئیدیۆمی زمانەکە بێم و لە زمانەکەی داڕنم. ئەز ڕەنگە سەرچیغیش چووبم، لێ هەر وام بیستووە بۆ کابرای مردوو گوتراوە:

ڕەحمەتی لێ بێ.
خوا لێی خۆش بێ.
ئەو شەوی لە هەموو شەوان خۆشتر بێ.
جێ و مەکانی بەهەشت بێ.
ئاخیری ناخۆشییان بێ.
خوا ڕوحمێ خۆی لێ بکا.
خوا بە ڕوحمی خۆی دەگەڵ بکا.
هەزار هەزار ڕەحمەتی لێ بێ.

ئەمانە و دەیان دەربڕینی هاوشێوەی دیکە هەن و هەمووشیان زیاتر بۆ دڵنەوایی کەسوکارەکەیەتی، ئەوجا ئەگەر من و تۆ باوەڕمان بە ناوەڕۆکی ئەو دەربڕینانەی سەرەوەش نەبێت، ئەوا لەبەر خاتری کەسوکارەکەی و بۆ دڵنەواییان دەیڵێین، بۆیە هەق نییە بە پاساوی ناکۆکیی ئایدیۆلۆجیمان قوڕ وەسەری زمانەکەمان بکەین و بەو دەردەی ئێستای ببەین و ئەو ئاوە بڕێژین و خەڵکیش پێی لێ بخشێنێ. ئەم دەربڕینە ئەگەر چی ئەوەندە جێی خۆی گرتووە تازە لەقکردنی ئاسان نییە، بەڵام ڕاستییە زمانییەکە بزانرێ باشە، کە دەربڕینی هاوشێوەی هەن و مەرج نییە هەر ئەوە بەکاربێت.

## سەرنجێک لەسەر (ی)ی نەسەب

زۆر جار (ی)ی نەسەب بە هەڵە دەنووسرێت و لە شوێنی خۆیدا حەقی خۆی پێ نادرێت، تەنانەت بەشێک لە پسپۆڕانی زمانی کوردییش سەرچیغ دەچن.

ڕاستییەکەی (ی) نەسەب وەختێک بە پاشناوەوە دەنووسێت، دوو جۆری هەیە، دەبێت (ی)ی

نەسـەب کـە لـە نـاوی گونـدەوە سـەرچاوەدەگرێت، جیاوازبێـت لەگـەڵ (ی)ی نەسـەبی نـاوی هـۆز.

جیاوازییەکـەش لەوەدایـە لـە زمانـی کوردیـدا نـاوی هـۆز (ی) وەرناگرێـت و لـە بەرانبەریشـدا نـاوی گونـد و شـار و شـوێن بەگشـتی، (ی) وەردەگـرن.

بۆ وێنە:

ئـەو دەمـەی تـۆ دەڵێیـت ئەحمـەد سـورچی، ڕاستییەکەی وشـەی (سـورچی) کـە نـاوی هۆزێکە، خۆی (ی)ی پێوەیـە و ئـەو (ی)یە (ی)ی نەسـەب نییـە و پێویسـتی بـە نەسـەب نییـە، واتـە ئـەو کاتـەی کەسـێک دەنووسـێت ئەحمـەد ئاکۆیـی، ئـەوە سـەرچیغ چـووە، چونکـە (ئاکۆ) نـاوی هـۆزە و هیـچ (ی)یەکـی پێـوە نییـە و کـە دەیکەیتـە نەسـەبیش پێویسـتی بـە (ی) نییـە، دەبـێ بڵێیـت ئەحمـەد ئاکۆ، ئەحمـەد جـاف، ئەحمـەد خۆشـناو.

هـەر بـۆ زیاتـر ڕوونکردنـەوە، هۆزەکانـی (جاف، خۆشـناو، ئاکۆ....) لـە بنەڕەتـدا (ی)یـان نییـە و ناکرێ لـەو کاتـەی دەبنـە پاشـناو، (ی)یـان پێـوە بلکێنرێت.

بـەڵام وەختێـک نـاوی شـوێن، گونـد بێـت، یـان شـار بیکەیتـە پاشـناو، بـە ناچـاری دەبـێ پابەندی ئـەوە بیـت کـە (ی)ی نەسـەبی بخەیتـە سـەر، وەک هەولێـری، سـلێمانی، چۆمانـی، هیرانـی.

ئـەو ناوانـەی نـاوی شـوێن و نـاوی هۆزیـش دەدەن، ئـەوە هەردووکیـان وەردەگـرن، بـۆ نموونـە (شـوانی) هـۆزە و زیاتـر دەڤەریشـە، ئەگـەر بـە مانـای هـۆز بێـت، ئـەوە تەنیـا دەگوترێـت هـۆزی (شـوان) و بـەو مەرجـەی خەڵـک بـە هـۆزی (شـوانی) نەیناسـێنێ، وەک هـۆزی (سـورچی، گـەردی)، چونکـە ئەگـەر هۆزەکـە (شـوانی) بێـت، ئـەوە هـەر خـۆی (شـوانی)یە و پێویسـتی بـە (ی) نییـە.

سـەبارەت بـە تاڵەبانیـش گونـدی تاڵەبـان هەیـە، ئەوکاتـە بـێ منـەت (ی)ی دەچێتـە سـەر، بـەڵام ئەگـەر ناوەکـە بـۆ ناوچـە هـات وەک بڵـێ ناوچـەی تاڵەبـان، ئـەوە ئـەو کاتـەش هـەر دەبێتـە فـڵان تاڵەبانـی، بـەڵام عەشـیرەت بێـت مەگـەر عەشـیرەتەکە خـۆی نـاوی (تاڵەبانـی) بێـت، ئەگەرنـا (ی)ی ناچێتـە سـەر.

سـەبارەت بـەو ناوانـەی خۆیـان (ی)یـان هەیـە وەک سـلێمانی، ڕاسـتییەکەی ئەگـەر شـێوەی زانسـتیمان بوێـت دەبـێ دوو (ی) بنووسـین، چونکـە (ی)ی نەسـەب شـتێکە و (ی)ی بنەڕەتـی وشـەکەش شـتێکی تـر، تەنانـەت تـورک پاشـگری (لی)یـان بـۆ نەسـەب هەیـە، کاتێـک نـاوی (اربیـل) دێت کـە کۆتاییەکـەی بە (ل) هاتـووە، دەنگێـک ون ناکـەن و دەڵێـن (اربیللـی، سلیمانیەلی)، لەبەرئەوە هەق وایە ئێمەش بە دوو (ی) بنووسـین بـۆ ئـەوەی شـوێن لـە نەسـەب جیابێتـەوە، چونکـە وەختێـک لـە کۆتایـی نامەیـەک دەنووسـرێت (ئـازاد سـلێمانی) ڕەنگـە ئـەو مانایـە بـدات کـە ئـازاد نـاوی خـۆی نووسـیوە و دواتریش شـوێنەکەی نووسـیوە کـە لێـی نیشـتەجێیە، دەشـگونجێ ئـەو مانایـە بـدات کـە سـلێمانی پاشـناوی ئـازادە، بـەڵام لەبـەر سـووکی ئاخاوتـن تـا ئێسـتا خەمـی لـێ نەخـوراوە و خەڵـک هـەر بـە یـەک (ی) دەینووسـێ، چونکـە لـە گۆکردنـدا هـەر بـە سـووکی و بـە یـەک (ی) گـۆ دەکرێـت.

هەرچـی ئـەو وشـانەن کـە کۆتاییان بـە (ێ) و (ە) هاتـووە، (ێ)یەکـە دەبێتـە (ەیی)، ڕاستییەکەیشـی هەردووکیـان یەکـن و کـورد زۆر پێـی خۆشـە ئەوانـەی کۆتاییـان بـە (ە) هاتـووە بیانکاتـە (ێ)، بەحرکـە دەبێتـە بەحرکەیـی، زێـوە، یـان زێـوێ دەبێتـە زێوەیـی..